له یادی هاوڕییانی گیان بەختکردوو شاپور و قابیلدا
نەمان بۆ تیرۆریزمی ئیسلامی!

نۆ ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا دەستی ڕەشی تیرۆریزمی ئیسلامی کە لە سایەی سیاسەتی کۆنەپەرستانەو چاوپۆشی حزبە دەسەڵاتدارەکان لە کوردستاندا بەرەوی سەندبوو، گەیشتە دوو هاوڕێی کۆمۆنیستو دوو ڕابەری ناسراوو خۆشەویستی کرێکارانو زەحمەتکێشان. هاوڕێیان شاپورقادرو ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزب و قابیل عادل ئەندامی کومیتەی ڕابەری ڕیکخراوی کوردستان. کە دوو هەڵسووڕاوی کۆمۆنیستو ڕابەری زەحمەتکێشانو کرێکارانی هەولێرو ئاوارەکانی کەرکوک بوون، ژیانو خەباتیان تێکەڵ بە خواستو ئاواتە ئینسانیەکانی سەدانو هەزاران کرێکار و زەحمەتکێشو بێبەشان بوو بوو. تیرۆری ئەم دوو ڕابەرە خۆشەویستە بەڵگەیەکی تری ئاشکرای دوژمنایەتی هەموو ئەوانە بوو کە ئەم کارە چەپەڵەیان ئەنجامداو زەمینەیان بۆ سازدا، لەگەڵ بەرژەوەندیو ئامانجەکانی کرێکارانو بێبەشانی کوردستان.

تیرۆریزمی ئیسلامی نە بە دەستوەشاندن لە کۆمۆنیستەکان دەستی پێکردو نە بە تیرۆرکردنی ئەو ڕابەرانەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کۆتایی هات. ئەم ئینسانکوژیە دڕندانەیە کە بەرگی سیاسەتو ئەحزابی لەبەر کردووە، وەک هەر پەتایەکی خەتەرناکو ڤایرۆسێکی کوشندە مەترسیەکی هەمیشەیی بووەو هەیە بۆ سەر ئازادیو ئازادیخوازانو مەدەنیەتو مەدەنیەتخوازانی کوردستان. ئەم ڤایرۆسە لە سایەی کۆنەپەرستیو دواکەوتوویی و عەشیرەتگەری دەسەڵاتی حاکم لە کوردستان لە پەسا زەمینەی لەبار بۆ بڵاوبوونەوەی فەراهەم دێتو بەرهەم دێتەوە.

ئەمڕۆش وەک ڕابردوو ئیسلامی سیاسیو ئینسانکوژی ئەم جووڵانەوەیە هەڕەشەیەکە بۆ سەر ژیانو ئەمنیەتی جەماوەری کوردستان. دەسەڵاتی حاکم لە کوردستان ئەوەی نیشانداوە کە نە دەیەوێت ئەم مەترسیە بنەبڕ بکاتو نە مەبەستێتی کۆمەڵگا لە شەڕی ئەم تیرۆریزمە بپارێزێت. دەست تێکەڵ کردنی ئەحزابی باڵا دەست لە کوردستان لە گەڵ دەستەو تاقمە ئیسلامیەکان لە کوردستانو لە عیراق، هاوپەیمانێتیان لەگەڵ ئەم هێزانە، ئیمزادان لە هەموو ئەو دەستورو قانوونانەی کە لە لایەن ئەم هێزانەوە بەسەر خەڵکی عیراقدا سەپێنراون، بەڵگەی ئەوەن کە ئەم حزبانە لە پیناوی قازانجە بەرتەسکەکانی خۆیان هەردەم ئامادەن چاو لەم تیرۆریزمە هارە بپۆشن.

یادی هاوڕییانی گیانبەختکردوو ڕۆژێکە بۆ نەفرەت کردنو مەحکوم کردنی چەندبارەی تیرۆریزمی ئیسلامیو هەموو ئەو کۆنەپەرستییەی کە ئەم تیرۆریزمەی لە باوەش گرتووەو بۆ پاساوی دواکەوتوویی و نامۆ بوونو بگرە نەیار بوونی خۆی بە خواستو ویستە مەدەنیو علمانیەکانی جەماوەری کوردستان بە کاری دەهێنێت. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم یادە بۆنەیەکە بۆ دووبارە کردنەوەی عەزمو لێپرواویی کۆمۆنیستیمان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی، پاراستنی کۆمەڵگای کوردستان لێو قەڵاچۆکردنی ئەم تاوانکارییە سیاسییە، بتایبتت کة ئیسلامی سیاسی بة ئیمکاناتو بارةو بولی جمهوری ئیسلامی کةوتونةتةوة جمولو خةریکن ئةمنیةتو ئارامی کوردستان تیکدةدةن.

بەرزو بەڕێز بێت یادی هاوڕییان شاپورو قابیل
نەمان بۆ تیرۆریزمی ئیسلامی
بژی ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!

مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق
18-04-2007